گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕێکەوتننامەی واشنتۆن و سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوەخۆ لە هەرێمی کوردستان (١٩٩٨)

**م.ی. مەبەست هەژار حمد**

خوێندکاری دکتۆرا، بەشی مێژوو، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان،عیراق.

mabasthazhar64@gmail.com

**پ.د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، سلێمانی، هەرێمی کوردستان،عیراق.

sarwary74@yahoo.com

## پوختە

لە ئەیلولی ساڵی ١٩٩٨ مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی ڕێککەوتنی واشنتۆنیان بە نێوەندگیری ئەمریکا واژۆ کرد کە پەیماننامەیەکی فەرمی ئاشتی دامەزراند. لە ڕێککەوتنەکەدا لایەنەکان ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی داهات و دابەشکردنی دەسەڵات و ڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی باکوری عێراق بۆ پەکەکە و ڕێگەنەدان بە سەربازانی عێراق بۆ دەستوەردان لە ناوچە کوردستانیەکان. ئەمریکا بەڵێنیدا هێزی سەربازی بەکاربهێنێت بۆ پاراستنی کورد لە ئەگەری دەستدرێژی سەدام حوسێن بۆ سەر کوردستان. ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر سیاسەتی ئەمریکا دەکاتەوە بەرامبەر بە چارەسەرکردن و کۆتاییهێنان بە جەنگی ناوەخۆیی کوردی لە کوردستانی عیراقدا، ئەم جەنگە ماوەی چوار سال بوو بە توندترین شێوە دۆزی کوردی لە باشووردا بەرەو ئاقارێکی نادیار و خراپ ئاراستە دەکرد و هەزاران هاوڵاتی کورد بوون بە قوربانی ململانێ ناوەخۆییەکان.

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٣/١/٢٣

پەسەندکردن:٢٠٢٣/٤/٤

بڵاو کردنەوە:هاوین٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**

*Washington peace agreement, U.S. Foreign Policy, Civil War, Middle East, Kurdistan, Kurdish People*

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.9.2.9

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

رێکەوتننامەکە کاریگەری راستەوخۆی بەسەر چارەسەرکردنی ململانێ سەربازیەکانی نێوان هەردوو پارتە کوردیەکە نواند، هەروەها بوو بە خالێکی وەچەرخانی گرنگ لە مێژووی هاوچەرخی کورد و دەرفەتی بەخشی بە سەرکردایەتی کوردی بۆ ئەوەی بتوانن لاپەرەیەکی تازە لە سیاسەتکردن و مامەلەکردن لەگەل یەکتری بکەنەوە. ئەمریکا توانی بەر بگرێت بە دەستوەردانی سیاسی زیاتری رژێمی بەعس و ولاتانی دەوروبەر لە کاروباری هەرێمە ئۆتۆنۆمیەکەی کوردستاندا.

## 1.پێشەکی

دوابەدوای جەنگێکی وێرانکەری نێوان هەردوو پارتە سەرەکیەکەی کوردستانی عیراق، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە سالی ١٩٩٤ تاوەکو ١٩٩٨ ی خایاند و تیایدا دەیان هەزار هاولاتی کورد لە هەردوو بەرەدا بوون بە قوربانی. دواجار ئەمریکا بڕیاریدا لەرێگەی وەزارەتی دەرەوە کۆتایی بە جەنگی ناوەخۆیی کوردستان بێنێ لەرێگەی بەستنی رێکەوتننامەی ئاشتی واشنتۆنەوە لە بەرواری ١٩٩٨/٩/١٧ لە واشتنۆنی پایتەختی ئەمریکا بە ئامادەبوونی هەردوو سەرکردە کوردەکە و بە ناوبژیوانی خاتوو مادلین ئالبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا.
ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر سیاسەتی ئەمریکا دەکاتەوە بەرامبەر بە چارەسەرکردن و کۆتاییهێنان بە جەنگی ناوەخۆیی کوردی لە کوردستانی عیراقدا، هەروەها کاریگەری ئەم رێکەوتنە لەرووی سیاسی و کۆمەلایەتیەوە زیاتر روونەدەکاتەوە.

### هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:

هۆکاری هەلبژاردنی بابەتەکە بۆ گرنگی رێکەوتنامەی واشنتۆن دەگەرێتەوە کە کاریگەری راستەوخۆی نواند بەسەر کۆتاییهێنانی جەنگی ناوەخۆیی کورد لە باشووری کوردستاندا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**میتۆدی توێژینەوە:**

لە نووسینی توێژینەوەکەدا میتۆدی مێژوویی - شیکاری بەکارهێنراوە، کە خۆی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و خستنەڕووی بابەتەکان و شیکردنەوەیان بە شێوەیەکی واقیعی دەبینێتەوە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی توێژینەوەکە ڕوونکردنەوەی بارگۆڕانی سیاسی نێودەوڵەتی و سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بەرامبەر بە جەنگی ناوەخۆی کورد و سنووردارکردنی هەژموونی سیاسی ولاتانی دەوروبەر و دەسەلاتی ناوەندیی دەولەتی عیراقە بەرامبەر بە هەرێمە ئۆتۆنۆمیە کوردیەکە.

**گرفتی توێژینەوە:**

گرفتی سەرەکی بەردەم توێژینەوەکە وەلامدانەوەی ئەو پرسیارە جەوهەریە بووە کە ئایا پێگەی ڕاستەقینەی کورد لە سیاسەتی ئەمریکادا خۆی لە چ ئاستێکی سیاسیدا دەبینێتەوە.

**گریمانەی توێژینەوە:**

ستراتیژیەتی سیاسی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست خۆی دەبینێتەوە لە پاراستنی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا و دەستەبەرکردنی ئاسایشی ووزە و کۆنترۆلکردنی ئابووری نەوت، هەروەها بانگەشەکردن بۆ دیمۆکراسیزم و هەولدان بۆ سنووردارکردنی هەژموونی نەیارانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا لەسەر ئاستی هەرێمی وەک ئێران و گرووپە توندرەوەکان، هەروەها لەسەر ئاستی نێودەولەتی وەک ولاتانی چین و رووسیا.

**ناوەرۆکی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر دوو بەشی سەرەکی، بەشی یەکەم خۆی لە گرنگی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن ١٩٩٨ و هۆکارەکانی واژۆکردنی دەبینێتەوە و پێکدێت لە دوو باسی سەرەکی، باسی یەکەم: پێشخان و هۆکارەکانی بەستنی ڕێکەوتننامەکە . باسی دووەم: بایەخ و گرنگی بەستنی ڕێکەوتننامەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشی دووەمیش پێکدێت لە : دەقی رێکەوتننامەی ئاشتی واشنتۆن و کاریگەری رێکەوتننامەکە بەسەر لایەنی سیاسی و کۆمەلایەتی خەلکی کوردستان. کە دابەشکراوە بەسەر دوو باسی سەرەکی. باسی یەکەم: دەقی رێکەوتننامەی ئاشتی واشنتۆن. باسی دووەم: سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد لەدوای بەستنی رێکەوتننامەکە و کاریگەری رێکەوتننامەکە بەسەر کورستان لەرووی سیاسی و کۆمەلایەتیەوە.

## 2. گرنگی رێکەوتننامەی واشنتۆن ١٩٩٨ و هۆکارەکانی واژۆکردنی :

### 2.1 پێشخان و هۆکارەکانی بەستنی رێکەوتننامەکە

ترسی ئەمریکا لە سیاسەتە توندوتیژەکەی سەرۆکی عیراق (سەدام حوسەین ١٩٧٩-٢٠٠٣) و بلاوبوونەوەی چەکی کۆمەلکوژ و هزری تیرۆریزم، هەرەشەی نوێ نەبوون کە لەوکاتەدا تووشی سەرۆکی ئەمریکا (ویلیام کلینتۆن ١٩٩٣-٢٠٠١) بوونەوە، لەراستیدا گومانی ئەمریکا لە عیراقی سەردەمی سەدام و پەیوەندیی بە دژایەتیکردنی ئەمریکاوە لە دوای شەری دووەمی کەنداو دەستیپێکرد.

سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد بە درێژایی سالانی ١٩٩٠ەکان، پەیوەندیی سیاسی ئەمریکا لەگەل کوردی عیراق لەرووی سیاسیەوە لە ئاستێکی دیاردا نەبوو، ئەگەر تورکیا و فەرەنسا نەبوونایە لەوانەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق دروستنەبوبا، بۆیە رۆلی ئەوان لەدوای شەری دووەمی کەنداو گرینگ بوو و پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و کوردیان بەهێزتر کرد. لەبەرئەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پێویستی بە پەیوەندیەکی نزیک هەبوو لەگەل کوردی عیراقیدا، بۆیە ئەمریکا سیاسەتێکی کوردیی گونجاوی لەچوارچێوەی عیراق بۆ سەدەی بیست و یەکەمین دارشت. جگە لەو بنەما دیارانەی کە لەدوای شەری دووەمی کەنداو، سیاسەتی ئەمریکایان بەرامبەر بە کورد دارشت. لە یازدەی سێپتێمبەر بەدواوە سیاسەتێکی راشکاوی کوردیی لەلای ئەمریکاوە بەرجەستە بووە، رکابەریی ناوەخۆی کورد گرینگترین ئەو راستیيانەی ماکیان بە بەرێوەبەرایەتیی کلینتۆنەوە ماوە راستەوخۆ پەیوەندیی بە کێشەی کوردەوە هەیە. شەری ناوخۆی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان فاکتەری هەرە سەرەکی بوو کە ئەمریکای بە چری بۆ ناو

کێشەی کوردی عیراق هێنا بەهۆی گەورەیی قەبارەی مەترسی و ئاکامەکانی ئەم جەنگەوە. لێکترازانی کوردی عیراق سەرنجی ئەمریکای بۆ کێشەی کورد راکێشا و رەگی دووبارە دارشتنەوەی ئەو سیاسەتانەی پێکهێنا کە ئەمریکا سەبارەت بە کوردی عیراق گرتیەبەر، لەبەرئەوەی ئەمریکا بە پەرۆشەوەبوو نەهێلێ تەنگژەیەکی تریش سەرهەلبدا کە رەنگە کاردانەوەی ناپەسندی لە هەموو هەرێمەکەدا بەرجەستەبکات بەهۆی ئەوەی بارودۆخی کۆمەلایەتی و سیاسی کوردستان زۆر خراپ بوو توانای بەرگەگرتنی تەنگژەیەکی تری نەمابوو(Charountaki, 2010 : 323) . جێگای باسە، لەکاتی دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ لە کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٩٤ تا ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ئەمریکا سەرنجێکی ئەوتۆی بەو شەڕە نەدا و هەوڵێکی ئەوتۆی نەدا بۆ ئەوەی لایەنەکانی ئەو شەڕە ئاشت بکاتەوە بە شێوەیەکی جددی، بەڵام پاش پەرەسەندنی شەڕی ناوخۆ لە کوردستان و دوابەدوای دەستوەردانی ئێران و هێرشی سەدام حوسەین بۆ کوردستانی عێراق و رووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦، ئەمریکا سەبارەت بە دەستوەردانی راستەوخۆی ئێران لە کوردستان و بۆردومانکردنی بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە هەرێمی کوردستان لە سالی ١٩٩٦ و ئەگەری گەڕانەوەی رژێمی ناوەندی بەغداد بۆ کوردستانی عێراق دوابەدوای هاتنەناوەوەی سووپای عیراق بۆ هەولێر، هەستی بە مەترسی کرد و کەوتە هەوڵ بۆ ئەوەی لایەنەکانی ئەو شەڕە ئاشت بکاتەوەو کۆتایی بە جەنگەکە بێنێ، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەوڵیدا لایەنە کوردەکان لەیەک نزیک بکاتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە بەرامبەر دەسەلاتی دەولەتی عیراق بەکاریانبێنێ.

ئامانجی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بریتی نەبوو لە دامەزراندنی کوردستانی یەکگرتوو، بگرە هەریەکەیان دەیویست پانتایی ژێر دەسەلاتی خۆی بەرفرەوان بکات و لە کۆتاییدا ببێتە تاکە هێز لە هەرێمەکەدا، ئەم رکابەریە بناغەیەکی دروستکرد بۆ ئەو کاتەی ئاگربرێک لە نێوان هەردوولادا رێکخرا. بەلام ئەم ئاگربرە کورتخایەنە، کە لە ئایاری ١٩٩٤ تا کۆتاییی ١٩٩٥ بەردەوام بوو تەنیا تا هاوینی ١٩٩٦ بەردەوام بوو، هەموو یاریکەرەکان لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بەکاریانهێنا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیی نوێ یان بەهێزکردنی هاوپەیمانییە کۆنەکان تاکو پێگەی خۆیان لەبەرامبەر ئەو رووبەروبوونەوەیەدا باشتر بکەن.(Bengio, 2012 :360) لە ئەیلوولی ١٩٩٦ پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکەوتوو بوو لە دەرکردنی یەکێتی لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی، پارتی بوو بە تاکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەرمانرەوا لە کوردستانی عیراق بۆ ماوەی مانگێک(Lawrence, 2008 : 63) . هۆکاری سەرکەوتنەکە بریتی بوو لە ئەنجامی تەلەکەیەکی سیاسی، کە خۆی لەهاوکاری و بەرژەوەندیی نێوان مەسعوود بارزانی و سەدام حوسەین دەبینیەوە و تیایدا رێککەوتن لەسەر ئەوەی هەولێر لەژێردەستی یەکێتی دەربێنن بەلام گرتنی سلێمانی بەشێک نەبوو لە رێکەوتنەکە، دواتر سوپای عیراقی لە ٣١ی ئاب ناردە هەولێر بۆ ئەنجامدانی شەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە دژی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (Tahiri, 2007 : 281)لەگەل ئەوەش دەبێ ئەوە بگوترێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەهێزتر بوو، لە ١٩٩٣ راپۆرتی پەیمانگەی نێودەولەتی بۆ لێکۆلینەوەی ستراتیژیی و هاوسەنگیی سەربازی، ئەوەی خەملاند، لە سالی ١٩٩٣ پارتی ٢٥٠٠٠ پێشمەرگەی چالاک و ٣٠٠٠٠ یەدەگی هەبوو، بە بەراورد لەگەل یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە خاوەنی ١٢٠٠٠ پێشمەرگەی چالاک و ٦٠٠٠ یەدەگی هەبوو(Cordesman, 1994 : 229) . هەروەک چۆن سوپای حکوومەتی ناوەندی بانگکرا بۆ شەر وەك نوێنەرێک بۆ پالپشتیی لایەنێکی کوردی لە دژی لایەنەکەی تر، بەم جۆرە ئەمە شکاندنی ئەو شێوازە نەریتییە بوو، کە لایەنە کوردیەکان وەك نوێنەر لەپێناو دەولەت لە دژی دەولەتێکی تردا یان لە دژی لایەنێکی کوردی رکابەردا بەکاردەهاتن. لە کۆتایشدا بکوژ و کوژراو هەر کورد بوون. ئەوەی کە زەرەرمەندی ململانێکانیش بوو هەر خودی گەلی کورد و دۆزی کورد بوو.

جێگای باسە، سیاسەتناسان و پسپۆران بیرۆکەی جیاوازیان سەبارەت بە جەنگی ناوەخۆیی گەلان و لێکەوتە و کاریگەریەکانیان هەیە، هەر یەکەیان بەجۆرێک شووناسی پێدەدات، وەک:

( مایکل هوارد) نووسەر و سیاسەتمەداری بەریتانی دەلێت: گەلی ئەمریکا لەرێگەی جەنگی سەربەخۆییەوە شێوەی دەولەتی بۆ دروستبوو، لەرێگەی جەنگی ناوەخۆشەوە یەکگرتوویی سیاسی بۆ دروستبوو (Howard, 1994 : 235) .

(پۆل کۆلێر)سیاسەتمەدار و ئابووریناسی بەریتانی وایدەبینێ "شەری ناوەخۆ تا ئەو رادەیەی هۆکاری سیاسیە، هۆکارێکیشە بۆ پێشکەوتنی کۆمەلایەتی." لەگەل ئەوەش، دیوی تری دراوەکە بە"پێشکەوتنی پێچەوانە" وەسف دەکرێت (Collier, 2003 : 19) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(چارلس تیلی) سیاسەتمەدار و کۆمەلناسی ئەمریکی پێیوایە "شەر دەولەت دروست دەکات" و هەروەها "پەیوەندی لە نێوان شەر دروستکردن و دەولەت" ئەم مۆدیلە ڕەنگە لەگەل نموونەی کوردی عیراقدا بگونجێ بەلام تەنیا لە بەشێک (Tilly, 1985 : 170) .

لەراستیدا جەنگ خاوەن کاریگەری باش و خراپیشە، هەروەها کاریگەریەکانی لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر و لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر جیاوازە. بە گشتی ئەو گەلانەی خاوەن سەرکردەی دلسۆزن دواجار رەوتی جەنگ لە بەرژەوەندی گەلەکانیان بەکاردێنن. ئەو گەلانەش کە خاوەنی سەرکردەی هەلپەرستن جەنگ لەپێناو بەرژەوەندی کەسیی خۆین بەکاردێنن و گەلی کوردیش نموونەیەکی روونی ئەم باسەیە. گەلانی دواکەوتووی وەک گەلانی جیهانی سێیەم بەتەواوی لەژێر هەژموونی سەرکردەکانیاندان، بەجۆرێک سەرکردەکانیان دەتوانن زۆر بە ئاسانی گەلەکانیان بخەنە نێو تەنگژەیەکی گەورەی جەنگی ناوەخۆییەوە بەهۆی دواکەوتوویی زهنیەتی زۆرینەی دەنیشتوانی ئەم ولاتانەوە. بەلام لە ولاتانی جیهانی یەکەم بە تایبەتی ئەم کاریگەریەی سەرۆک زۆر لاوازتر و کەمترە بەهۆی هۆشیاری زۆرینەی هاولاتیانی ئەم ولاتانەوە، هەروەها بەهۆی دامەزراوەییبوونی دەسەلات و کەمبوونەوەی دەسەلاتی تاک جەمسەری لە بەرێوەبردنی ولاتدا. هەربۆیە دەبینین جەنگە ناوەخۆییەکان لە ئێستادا زۆرینەیان لە ولاتانی جیهانی سێیەمدان. چارەسەری ئەمەش بریتیە لە ئاوێتەکردنی فەلسەفەی ژیان و هزری تاکگەرایی لە کەسایەتی و ئامانجی تاکەکانی کۆمەلگادا. ئەمەش لەرێگەی بونیادنانی پەروەدەیەکی بنەرەتیەوە بۆ تاکەکانی ئەم کۆمەلگایانە.

ڕەگ و ریشەی ململانێی شەری ناوەخۆ لە کوردستان دەگەرێتەوە بۆ تێکەلەیەك لە ناتەبایی هزری و هۆزگەرایی ناوەخۆی کوردی، نەبوونی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی کوردیی بەهێز، کە بتوانێت دلسوزیی چەرخی مەترسیدارترین بارودۆخی نەتەوەیی کۆنترۆلبکات هۆکارێکی تری جەنگەکە بوو. هەروەها تەماحکاری سەرکردە سیاسیەکان بۆ دەولەمەندکردنی خۆیان و پارتەکانیان یەکێک بوو لە سەرەکیترین هۆکارەکانی هەلگیرسانی ئەم جەنگە. رکابەریی تاکەکەسی و هزری هۆزایەتی رۆلێکی گرینگیان لە هەلایسانی جەنگەکە هەبوو (Sorli, 2005 : 145) لەراستیدا ترسناکترین دوژمنی کورد، خودی خۆیانن، ئەوان لە بەرێوەبردنی کاری خۆیان لەلایەن خۆیانەوە، ئەستەمە بتوانن سەرکەوتوبن (کۆچێرا،٢٠٠٢ :١٦٤). بیر تەسکی سەرکردایەتی کورد وایکرد کە جەنگ و ملمانێکان لەرێگەی

ناوەخۆییەوە چارەسەر نەبن، لەراستیدا سەرانی هەردوو پارتە کوردیەکە تاوانبارن لە هەڵگیرساندن و دواتریش چارەسەرنەکردنی ئاژاوەکان تا ئەوکاتەی ئەمریکا لەرێگەی رێکەوتنی واشنتۆنەوە کۆتایی بە جەنگەکە هێنا (گوندی، ٢٠٢٢). لەراستیدا هزری هۆزگەرایی زیانی زۆر گەورەی لە دۆزی کورد داوە، بەتایبەتی لە کایەی سیاسی و فەرمانرەواییکردنی کۆمەڵگای کوردی. چارەسەری ئەمەش بەرجەستەکردنی هزری لیبرالیزمە لە کۆمەڵگای کوردی و بە تاککردنی تاکی کوردە، بەدەر لەمە گەربێت و سەرکردایەتی کوردی خۆی دانەماڵێت لە هزری هۆزپەرستی و نەرجسیەتی سیاسی، بێگومان داهاتووی سیاسی کوردی ئاسۆیەکی روونی نابێت.

ئەو راپۆرتانەی سی ئای ئەی لە سەرەتای نەوەدەکان و لە ١٩٩٣ بەدواوە ناردی بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا، کاریگەری گەورەیان هەبوو سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، لەبەرئەوەی باسی ئەوەی دەکرد سەدام حوسەین هەرگیز بە تەواوەتی پابەندی بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان نابێ و ئامانجی سیاسەتی ناوەخۆیی و دەرەکیی تایبەت بەوەی کە عیراق بکات بە هێزیکی بالادەستی هەرێمەکە، ناگۆرێ و هەولیش دەداتەوە دیسان هێزی سەربازی عیراق دروست بکاتەوە و لە دەسەلاتیشدا بمێنێتەوە. هەرچەندە لەراستیدا رکابەریی ناو کورد لەسەر داهات و دەسەلات و زەوی و هزری جودایان سەبارەت بە چۆنیەتیی هەلسوکەوتکردن لەگەل سەدامدا، دوای سالێک لە ئایاری ١٩٩٤دا شەری ناوەخۆی لێکەوتەوە و تا ئەمریکا ناوبژیوانیی نەکردن و رێکەوتنەکەی واشنتۆن لە ١٩٩٨دا واژۆ نەکرا ئەم شەرە نەبرایەوە. بەلام بەرگریی کورد مەترسیی پاراستنی یەکێتیی خاکی عیراقی هەر هەبوو، بۆ ئەوەش بەربەستێك بۆ سەدام دابنێن، جگە لە هێشتنەوەی گەمارۆ ئابووریەکەی نەتەوە یەکگرتووەکانی سەر عیراق، هیچ رێگەچارەی تر نەبوو. نەبوونی ئامانجێکی هاوبەش فاکتەری سەرەکیی بەرپابوونی شەری ناوەخۆی نێوان کورد بوو. ناکۆکیەکی زۆر لە نێوانی پ.د.ک و ی.ن.ک. و پارتی سۆشیالیستدا هەبوو لە سالی ١٩٩٢ بەدواوە. پ.د.ک. پێی وابوو سەدام بێهێز بووە و واباشە دانوستاندنی لەگەلدا بکرێ، سەدام ئامادەبوو بۆ ئەوەی بە دیموکراسی قایل ببێ و ئۆتۆنومی و دەسەلاتیش بۆ کورد مسۆگەر بکات. ی.ن.ک. و سۆشیالیستەکان لە دژی ئەو پەیوەندیکردنەبوون و لەو باوەرەدا بوون هیچ نەگۆراوە و سەدام هەر وەکو خۆی مایەوە، تاریق عەزیز لە سالی ١٩٩١ رایگەیاند شەرەکەمان بردەوە لەبەرئەوەی ئامانجی هێزەکانی هاوپەیمانان رووخانی سەدام بوو بەلام پێیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەکرا. حکوومەتی عیراق لایوابوو مادام ئەمریکا نەیتوانی ئامانجەکەی بپێکێ، کەواتە عیراق براوەی جەنگەکەبوو. دواتر هەردوو پارتە کوردییەکە لە ئاداری ١٩٩٦ لێکترازان و بارزانی هێزەکانی خۆی لەو هەلمەتانە کشاندەوە کە کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق بۆ سەر پێگەکانی سوپای عیراقی برد و پاشانیش داوای یارمەتی لە سەدام کرد بۆ ئەوەی رووبەرووی ی.ن.ک. ببێتەوە و هەولێری لێ وەربگرێتەوە لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦، سەدام ئەو هەلەی قۆستەوە و تەواوی بنکەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراقی لە باکوردا خاپوور کرد. ئەمریکا زۆر لە تێکچوونی باری هەرێم نیگەران بوو، نەیدەویست لەمە زیاتر پچر پچر ببێ و لەدوای نەمانی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق و بزووتنەوەی ویفاقی نیشتمانی لەو مەیدانەدا، ئەمریکا ناچار بوو هاوپەیمانیی کورد بکات بۆ ئەوەی سەردەمی دوای سەدامیان لەگەلدا رێکبخات (Charountaki, 2010 :327 -328)لەراستیدا ئەمریکا پێویستی بوو رێکەوتنەکەی واشنتۆن رێکبخات بۆ ئەوەی نەهێلێ نە عیراق و نە ولاتانی دەوروبەریش تووشی کێشەی گەورە ببن. دواجار ئەم بارودۆخە تەنگژەیەکی گەورەی سیاسی و هەژموونگەرایی سەربازی لە ناوچەکەدا درووستدەکرد کە ئەمریکا لەوکاتەدا ئامادەیی تەواوەتی نەبوو بۆ بەرێوەبردنی و نەیدەتوانی بە ئاسانی کۆنترۆلی بکات. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی رێکەوتننامەی واشنتۆن ببەسترێت لە نێوان ی.ن.ک. و پ.د.ک. بە سەرپەرشتی راستەوخۆی ئەمریکا.

پاشان کە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و عیراق زیاتر تێکچوون لە سالی ١٩٩٦، ئەمریکا ترسی ئەوەی لێنیشت نەبادا هێزە هەرێمیەکانی وەک تورکیا کە لە سالی ١٩٩٧ بەدواوە توانی کۆنترۆلی زۆنی زەرد بکات و ناوبژیوانی بۆ هێورکردنەوەی رکابەریەکە بکەن و پاشان کۆنترۆلی هەرێمی کوردستان بکەن. لەبەرئەوەی ئەمریکا پالەپەستۆی بۆ گۆرینی رژێم دەکرد، بۆیە نزار حەمدونی بالیۆزی عیراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٩٨دا رایگەیاند "ئەگەری ئەوە هەبوو دوو شت روودەن تا ئۆکتۆبەر و نۆڤێمبەر، یان سزایەکان هەلدەگیرێن یانیش ئەگەر هەلنەگیران، ئەوا تەنگژەیەک روودەدات، ئەمەشیان دوا تەنگژەدەبێ کە روودەدات". هاوکات لە ١٩ی تەمووزیش، سەرۆکی عیراق لە تەلەفزیۆنی عیراقییەوە رایگەیاند کە هەرچەندە زۆر خۆبەختکارییان کردووە و هاریکاریی یونسکۆ و کۆمسیۆنی تایبەتییان کردووە، ئەگەر سزاکان لەسەر گەلی عیراق لانەدرێ ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، ئەگەر دادپەروەری پەیرەو نەکرێت و گەمارۆیەکە لانەدرێت، بەلایەنی کەمەوە کاری تر

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکرێت، ئەم کردەوەیە بابەتێکی تایبەتە و تەنیا عیراق دەیزانێ و لە داهاتووشدا هەر خۆی بریاردەدات چیدەکات(Charountaki, 2010 : 328-329) . سەدام ئامانجی ئەوە بوو لەرێگەی ئەم هەرەشانەوە کاریگەری لەسەر ئەمریکا درووستبکات. لەراستیدا ئەو دوژمنایەتیەی سەدام لە بەرانبەر هەرەشەکانی ئەمریکا و گەمارۆی ئابووری ئەمریکیەکان دەیکرد و ئەو بریارەی دای کە رێگەی لە پشکنەرانی چەکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان گرت لە ئابی ١٩٩٨ و ئەو بەیانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە رایگەیاند عیراق رێکەوتنی ٢٣ی شوباتی ١٩٩٨ی پێشێل کردووە، وایکرد ئەمریکا بە ئاشکرا سیاسەتی گۆرینی رژێم لە عیراقی سەردەمی سەدام لە ١٤ی نۆڤێمبەری ١٩٩٨ رابگەیەنێ. ئەم بارگۆرانەش لە بەرژەوەندی دۆزی کورد بوو.

پاشان ئەمریکا یاسای ئازادکردنی عیراقی لە ٣١ ئۆکتۆبەری ١٩٩٨دا دەرکرد. ئەمەش یەکەم جار بوو ئەمریکا بەفەرمی سیاسەتی گۆرینی رژێمی لەعیراق راگەیاند. (Charountaki,2022). سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پێویستی بەوە هەبوو نەهێلێ ململانێ لەناو کورددا بمێنێ، لەبەرئەوەی دیار بوو کورد تاکە هاوپەیمانی نەگۆر و دژی رژێم بوون و لە پرۆسەی رووخانی سەدامیشدا کاریگەر دەبوون. ئەمریکا رۆلی سەرەکیی لە کوژاندنەوەی شەری ناوەخۆی کورددا گێرا و نەیهێشت هیچ لایەنێک سوود لە دەستوەردانی ئەم شەرە وەربگرێ و لە بەرژەوەندی خۆی یەکلای بکاتەوە.

## 2-2 بایەخ و گرنگی بەستنی رێکەوتننامەکە

بەستنی رێکەوتننامەکە گرنگیەکی گەورەی هەبوو بۆ ئەمریکا لە دوو لایەنەوە، یەکەم: بەهۆی ئەوەی دەبوو بە بەربەست لەبەردەم زیادبوونی هەژموونی سیاسی و سەربازی رژێمی عیراق و ولاتانی دراوسێ بەتایبەتی ئێران کە دوژمنی سەرسەختی ئەمریکا بوو لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا کە بەهۆی جەنگی ناوەخۆی کوردەکانەوە بەردەوام هەژموونی خۆی زیاتر دەکرد لە ناوچەکەدا. دووەم: لە رووی ستراتیژی و ئابووری و کەرتی ووزەوە ئەمریکا زیاتر زامنی بەرژەوەندیەکانی خۆی دەکرد، بەهۆی ئەوەی بوونی جەنگ و ململانێی سەربازی لە ناوچەکەدا لە بەرژەوەندی ئەمریکا نەبوو، بەهۆی ئەوەی دەبوو بە هۆکاری زیانی گەورەی ئابووری و مرۆیی بۆ ئەمریکا. بەلکو ئەمریکا لەوکاتەدا پێویستی بەوە بوو بارگرژیەکان کۆتاییان بێت و ئاشتیەکی کاتی لە ناوچەکەدا بەرجەستەببێت. بۆ ئەوەی دووبارە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەلسەنگاندن بۆ بارودۆخی ناوچەکە بکەنەوە. لەم سۆنگەیەوە بەستنی ڕێکەوتننامەکە گرنگیەکی گەورەی هەبوو بۆ ئەمریکا لەلایەک و بۆ کوردەکانیش لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی دەبوو بە بەربەست لەبەردەم زیاتربوونی قوربانیەکانی جەنگە ناوەخۆییەکە.

ڕێکەوتننامەی واشنتۆن لە نێوان مەسعود بارزانی و جەلال تالەبانیدا پشتیوانیی نیازەکەی ئەمریکای بۆ گۆرینی رژێم دەکرد بۆیە دەیویست حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەقامگیر بێ و ئەگەر پێویستیش بێ هێز بۆ گۆرینی رژێم بەکاربێنێ بۆ ئەوەی عیراق ولاتێکی کۆنترۆلکراوی لێدەربچێ. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا مادلین ئالبرایت کە ئاماژەی بۆ رێکەوتنەکە کرد گوتی "ئەمریکا هەولی چر دەدات کە عیراقێکی دیموکراتیی فرەلایەن دابمەزرێنێ". کلینتۆنیش لەو نامەیەی بە وەزیری بەرگری ولیەم کۆهین بۆ سەرۆکی تورکیا سلێمان دیمریلی نارد گوتی: "ئەگەر سەدام هەر مل نەهێنێتەبەر بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، رەنگە رێژیمەکەی بەهێزی سەربازی بگۆرێن" (Charountaki, 2010 : 331). پاشان ئەمریکا و شانشینی یەکگرتوو بۆردومانی لەشکرەکانی عیراق و دامەزراوە گومانلێکراوەکانی چەکە کۆمەلکوژەکانی عیراقیان کرد لە (١٦-١٩ دێسێمبەری ١٩٩٨)، لێرەوە کاردانەوەی ئەمریکا لەسەر ئەوەی سەدام حوسەین نەیهێشت پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان بچنە عیراقەوە دەستپێکرد(Katzman, 2005 : 16) گومانەکانی ئەمریکا سەبارەت بە هەولدانی رژێمی سەدام بۆ دەستکەوتنی چەکی کۆکوژ و ناوەکی تا دەهات زیاتر دەبوو، هەربۆیە بەهەموو شێوەیەک کەوتە فشار خستنە سەر رژێمەکە بۆ ئەوەی دەستی نەگات بە چەکی ناوەکی و کۆمەلکوژ.

جێگای باسە، لە ڕاپۆرتێکی سەرۆکی ئەمریکا بۆ کۆنگرێس لە ٣ی شوباتی ١٩٩٨ دا هاتووە، لەڕێگای ناوبژیوانیکردن لە نێوان گروپە کوردەکان درێژە بە هەوڵەکان دەدرێت بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی هەمیشەیی. بە مەبەستی یارمەتیدانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بگەن بە سازشێکی هەمیشەیی و سەقامگیر کە شایانیان بێت. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، هەولدەدەن بۆ کەمکردنەوەی دەرفەت بۆ دەوڵەتی ئێران و دەسەلاتی عێراق بۆ دەستوەردان و سوودوەرگرتن لە ناکۆکییەکان و هەڕەشەکردن لە هاووڵاتیانی عێراق لەم ناوچەیە (Meho,2004:606). ئامانجی بالای ئەمریکا لە بەستنی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن ئەوەبوو ببێ بە بەربەست لەبەردەم ولاتانی دەوروبەر بۆئەوەی دەستوەردانی سیاسی لە هەرێمەکەدا نەکەن، هەروەها بۆ ئەوەی کوردەکان یەکبخەن و دواجار بتوانن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سوود لە هێزی سەربازی و هەوالگری کوردەکان وەربگرن لە کاتی پەلاماردان و لەناوبردنی رژێمی عیراق لە داهاتوودا. لەراستیدا ئەمریکا بەتەواوی گەشتبوو بەوەی کە تاکە چارەسەر لەبەردەم ئەمریکا مابێتەوە بۆ لەناوبردنی سەدام ئەوەبوو کە بە پەلاماری راستەوخۆی سەربازی کۆتایی پێبێنێ، هەربۆیە پێویستی بەوە بوو هاوپەیمانەکانی خۆی یەکبخاتەوە و دواجار سوود لە دەسەلاتیان وەربگرێت بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیە سیاسیەکانی خۆی لە داهاتوودا. ئەمەش وایکرد دواجار رێکەوتننامەکە بۆ ئەمریکا بایەخێکی گەورەی سیاسی و ستراتیژی لەخۆبگرێت.

رژێمی عیراق دەیویست پارتە کوردیەکان لە ئەمریکا دووربخاتەوە و خۆی جێگەی ئەمریکیەکان بگرێتەوە، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی بتوانێت لە قۆناغی دواتردا هەژموونی سیاسی و سەربازی خۆی لە ناوچەکەدا بەرجەستەبکاتەوە (لاهوور تالەبانی، ٢٠٢٢). چونکە نزیکبوونەوەی کوردەکان لە ئەمریکا و هاوپەیمانی نێوان کورد و ئەمریکا دواجار لە زیانی رژێم بوو.

جێگای باسە، سنووربەزاندنەکانی رژێمی عیراق و ماندووبوونی لایەنە کوردیەکان لەبارەی ئەگەری ئاشتەوایییەک سەرنجی ئەمریکای راکێشا بەتایبەتی سەرکردایەتی کورد کە زیانی گەورەیان لەرووی سیاسی و سەربازی و ئابووری و کۆمەلایەتی لە ململانێ و جەنگی ناوەخۆییدا بەرکەوتبوو. بەهەمان شێوە، لەبەرئەوەی ئەمریکا لە سیاسەتی خۆیدا بەلایەوە چاکتر بوو خۆی لە هێرشی سەربازی بۆ سەر عیراق بەدوور بگرێت لەوکاتەدا، کارتی کوردی پێویست بوو بۆ هێشتنەوەی پالەپەستۆی لەسەر بەغداد. لە کۆتاییدا، بریاری ئەمریکا لە بارەی لەکارلادانی رژێم لەرێگەی ئۆپۆزسیۆنەوە. کورد، کە کلیلی سەرکەوتنی ئەو بوون، خستە ناو رۆلێکی سەرەکییەوە. ئاشتەوایی نێوان لایەنەکان، کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانیی لێدەکرا هۆکارێک بوو بۆ گەیشتن بە کۆنترۆلێکی باشتری بارودۆخەکە لە کوردستان و لەوێوەش بۆ عیراق. بێگومان بەرلەوەی ئاشتەوایییەکی لەو جۆرە رووبدات، ئەمریکا پێویست بوو لەگەل پارتی دیموکراتی کوردستاندا ئاشتبێتەوە، دوای ئەوەی لە ٣١ی ئابی سالی ١٩٩٦ پالپشتیی سەربازیی لە بەغداوە وەرگرتبوو لەدژی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، کەئەمەش بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لە دژی ئەمریکا بوو. بەلام بارزانی هێشتا پێشوازیی لە کرانەوەکانی هەرێمی لەگەل ئەمریکا نەدەکرد، پارتی ئەمریکای سەرکۆنەدەکرد نەک تەنیا بە ناپاکیکردن، بەلکو بەوەی کە سیاسەتێکی روونی لەسەر باکوری عیراق نییە. وەک هەنگاوێکی سەرەتایی، ئەمەریکا لە ١٨

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەمووزی شاندێکی رەوانەی حکوومەتی کوردستان کرد، کە لەلایەن جێگری یاریدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری رۆژهەلاتی نزیک، دەیڤید وێلش و چاودێریکی تورکیش سەرکردایەتی دەکرا، بۆ گفتوگۆ لەگەل یەکێتی و پارتی بەجیا. دوای چوار رۆژ، شاندەکە گەیشتە لای تالەبانی و بارزانی بۆ ئەوەی بگەرێنەوە بۆ واشنتۆن بۆ درێژەدان بە گفتوگۆ. بەلام جیاواز لە رابردوو، مەسعوود بارزانی ئەمجارەیان داواکاریەکەی قەبوول کرد، بارزانی ئەوەی روونکردەوە، کە ئەمریکا گفتی ئەوەی پێداوە لە سیاسەتی خۆی بەردەوام دەبێت لە پارێزگاریکردن لە خەلکی باکوری عیراق لە دژی بەغدا و گەمارۆی سەر بەغداد هەلناگیرێت و پەیوەندییەکانیشی لەگەل عیراق ئاسایی نابێتەوە. دواتر بەغداد سەرکۆنەی سەردانی شاندەکەی ئەمریکای کرد و ئەم کارەی واشنتۆنی بە دەستوەردانی ئەمریکا لە کاروباری ناوەخۆی عیراق دانا و سکالانامەیەکی پێشکەش بە یوئێن کرد، لەگەل ئەوەش بەغداد نەیتوانی مەسعوود بارزانی هاوپەیمانی کاتیی پێشووی بوەستێنێ لە کشان روەو خولگەی ئەمریکا (Bengio, 2012 :410-411). کوردەکان لە مامەلەکردنیان لەگەل یەکتری توند و ناتەبا بوون، بەلام لەگەل دەرەوە بەجۆرێکی تر مامەلەیان دەکرد (ئەمین، ٢٠٠٩ : ٢٦). نزیکنەبوونەوە لە خولگەی ئەمریکا دواجار دەرئەنجامی خراپی بۆ پ.د.ک. دەبوو، هەربۆیە نەرمی نواند بەرامبەر بە هەر بریارێک کە ئەمریکا بیدات یاخود هەر پێشنیارێک کە ئەمریکا ئاراستەی بکات. ئەمەش دواجار هەم لە بەرژەوەندی ئەمریکا بوو هەم لە بەرژەوەندی دۆزی کوردیشدا بوو. ئەمەش لە کۆتاییدا بایەخ و گرنگی بەستنی ئەم رێکەوتننامەیەی زیاتر کرد بۆ ئەوەی کۆتایی بە بارگرژیە سیاسی و سەربازیەکان بێت لە هەرێمەکەدا.

## 3. دەقی رێکەوتننامەی ئاشتی واشنتۆن و کاریگەری رێکەوتننامەکە بەسەر لایەنی سیاسی و کۆمەلایەتی خەلکی کوردستان

### 3-1 دەقی رێکەوتننامەی ئاشتی واشنتۆن

لووتکەی واشنتۆن لە ١٤ی ئەیلوولی ١٩٩٨ بە گفتوگۆی جیاجیای وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، مادلین ئالبرایت، لەگەل هەریەکە لە مەسعود بارزانی و جەلال تالەبانیدا کرایەوە، دوابەدوای ئەو کۆبوونەوانە، کۆبوونەوەیەکی سێ قۆلیی بەدواداهات. ئەمە یەکەم جار بوو دوای چوار سال مەسعوود بارزانی و جەلال تالەبانی لەگەل یەکدا کۆببنەوە. دوای کۆبوونەوە سێ قۆلیەکە، ئالبرایت رایگەیاند، کە بارزانی

و تالەبانی لاپەرەیەکی نوێیان هەلداوەتەوە لە هەولی خۆیان بۆ کارکردن لەگەل یەکتردا و لەپێناوی گەلەکەیان، ئالبرایت جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کە گیانێکی تازەی ئاشتەوایی، یارمەتیدانی کورد لەلایەن ئەمریکا و خەلکانی ترەوە ئاسانتر دەکات. ئالبرایت ئەوەشی ئاشکرا کرد، کە کۆبوونەوە هاوبەشەکە دوای شەش مانگ کارکردنی لە گفتوگۆی نێوان هەردوو لایەن هاتووەتە جێبەجێبوون (Meho, 2004 : 525)لە ١٧ی ئەیلوول، لووتکەکە بە رێککەوتنێکی سیاسی لەنێوان دوو لایەنەکە و بە تێگەیشتنێکی فەرمیی نێوان هەردوولا و ئیدارەکەی سەرۆک کلینتۆن بەکۆتاهات (Stansfield,2003:101)لەکاتێکدا رێککەوتنامەکە، کە لە لایەن تالەبانی و بارزانی و دەیڤید وێلشەوە کە بەرێوەبەری کاروباری رۆژهەلاتی ناوەراست بوو ئیمزا کرا، جەختی لەسەر سەروەریی خاک و یەکیەتیی عیراق دەکردەوە، ئاماژەی بە خواستی کوردیش دەکرد لەوەی عیراق لەسەر بنەمای فیدرالی پێکبێت. بۆیە وشەی "خواست"ی تێدا هاتبوو چونکە ئەمریکا لە عیراق لەوکاتەدا لایەنگری فیدرالیی ئیتنیکی نەبوو (Chandrasekaran, 2007 : 242) لەراستیدا ئەم رێکەوتنامەیە خالێکی گەورەی وەچەرخانی مێژووی هاوچەرخی کورد بوو، کە کۆتایی بە خوێناویترین جەنگی ناوخۆیی کوردیی هێنا. ئەمەش دەستکەوتێکی گرنگ و گەورە بوو بۆ کۆمەلانی خەلکی کوردستان هەم لەرووی سیاسیەوە، هەم لەرووی کۆمەلاتیشەوە.

خالە سەرەکیەکانی رێککەوتنامەکە بریتی بوون لەمانە:

١- دامەزراندنەوەی ئیدارە و پەرلەمانێکی یەکگرتوو لەسەر بنەمای ئەنجامی هەلبژاردنەکانی ١٩٩٢ .

٢- کۆنترۆلی تایبەتی هەموو داهاتەکان بۆ ئیدارە هەرێمیەکە.

٣- هەلبژاردنی هەرێمیی نوێ.

٤- قەدەغەکردنی جموجۆلەکانی پارتی کرێکاران و پەنا نەدانیان (Charountaki, 2022) .

ئەمریکا بە وردی بارودۆخی کوردەکانی لێکدابوویەوە بۆیە بەلایەوە پەسەند بوو کە ئەم خالە بنەرەتیانە ببن بە پایەی دووبارە بیناکردنەوەی قەوارە کوردیەکە، سەرەنجام بە جێبەجێکردنی ئەم خالانە دۆزی کورد زیاتر رووەو سەرکەوتن و گەشەکردن هەنگاوی دەنا. بەلام سەرکردایەتی کورد زۆر لەوە بیرکۆلتر بوو کە بتوانێت بەرژەوەندیە کەسی و حیزبیەکان بخاتە پەراوێزەوە و بەرژەوەندیە بالاکانی دۆزی کورد بخاتە پێشەوە. هەربۆیە وەک پێویست نەیانتوانی سوود لەم ئاراستە تازەیە و ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرفەتە گرنگە وەربگرن و دوو ئیدارەیی دووبارە لە سیستمی فەرمارەوایەتی قەوارە کوردیەکەدا بەرجەستەبوویەوە. ڕێککەوتننامەکە داوای لە هەریەکە لە ئەمریکا و بەریتانیای مەزن و تورکیا و تەواوی کۆمەڵگەی نێودەولەتی دەکرد بەردەوام بن لە چاودێری بۆ پارێزگاری و پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عیراق. ئەمە بووە هۆی دانانی کێشەئامێزترین بابەتی تایبەت بە کورد. کێ گرەنتیی ئۆتۆنۆمیی کورد دەدات؟ دوا بەدوای کۆبوونەوەکە، هەریەکە لە مەسعود بارزانی و جەلال تالەبانی جەختیان لەسەر ئەوەکردەوە، کە ئەمریکا پەیمانی داوە بەتەواوی ڕێگە لە دەستوەردانی عیراق بگرێت (Bengio, 2012 : 412-413) مادلین ئالبرایت گەورەترین کاربەدەستی ئەمریکا بوو لە بابەتی بەنێودەولەتیکردنی دۆزی کورد، ناوبراو رایگەیاند: "ئەمریکا وەلامدانەوەی توندی دەبێت ئەگەر سەدام هەرەشەی خستەسەر گەلی عیراق بەوانەشەوە کە لە باکورن". کاربەدەستانی کورد رایانگەیاند کە دلنیاکردنەوەی ئەمریکا بۆ ئێمە لەژێرەوە بەهێزتربوو، واتە، ئەوەی ئەمریکا دەیگوت پارێزگاریتان لێدەکەین هەروەک پارێزگاریمان لە کوێت کرد. وای لە کورد کرد دەست بە ڕێککەوتنەکەوە بگرن و سەدامیش نەوروژێنن تا پێویست بە وروژاندنی ئەمریکا نەکات (Makovsky, 1998 : 19). گەر هاتباو ئەمریکا کوردەکانی تەشویقنەکردبا لەوانەبوو نەتوانێت سەرکردە کوردیەکان ئاراستەبکات بۆ بەستنی ئەم ڕێکەوتننامەیە بەهۆی ئەوەی کوردەکان تا سەر ئێسقان دوژمنایەتی یەکتریان دەکرد، ئەوان هەمووو کارێکیان دەکرد تەنیا بۆ لێدان لە بەرەی بەرامبەریان، بێباک بەرامبەر بەوەی دواجار ئەم کردە دوژمنکارانە دۆزی کورد روەو چ هەلدێرگەیەک ئاراستە دەکەن.

هاوکات لەگەل کۆبوونەوە لەگەل لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی تری عیراقدا، ئەمجارەیان، ئەمریکا بەتەنیا میوانداریی کوردی کرد. لەوەش زیاتر لە سالانی داهاتوو هەولەکانی ئەمریکا بۆ ئاشتکردنەوەی یەکێتی و پارتی بەبێ پچران بەردەوام بوو. ئەمریکا هەولی دەدا لەرێگەی ئاماژە سیمبولییەکانەوە ئارەزووی کورد بەدەستبێنێ، وەك یادکردنەوەی یازدە سالەی کیمیابارانی هەلەبجە لەلایەن گرووپی مافەکانی مرۆڤی کۆنگرێس و کاربەدەستانی تری ئەمریکا لە سالی ١٩٩٩. ئەم هەنگاوە بەشێوەیەکی روون پێچەوانەی ئەو خۆلێگێلکردنی سەرەتای کارەساتەکەی هەلەبجە بوو لە ١٩٨٨، ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ گۆران لە هەلوێستی ئەمریکادا لەسەر ئاستی سیاسی. هەروەها کۆبونەوەی جێگری سەرۆک لەگەل

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاربەدەستانی کورد لە واشنتۆن وەک بارزانی و تالەبانی. لە ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٠ گەشانەوەیەکی تر بوو بۆ پەیوەندیەکانی ئەمریکا لەگەل کورد. جێگری سەرۆک لە قسەکانی بۆ نوێنەرانی پارتی و یەکێتی، پابەندبوونی ئەمریکای دووپات کردەوە بۆ پارێزگاریکردنی گەلی کوردستانی عیراق (Bengio, 2012 : 414)ئەمریکا بەرجەستەی سیاسەتێکی درووست و ژیرانەی کرد بەرامبەر بە کوردەکان، بەجۆرێک توانی کوردەکان کۆبکاتەوە و ئاراستەیان بکات بۆ خزمەتکردنی خولگەی بەرژەوەندیە سیاسی و ستراتیژیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، هەم بۆ ئەوکات، هەم بۆ داهاتوو .

دوابەدوای ڕێکەوتنی ڕێبەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە واشینگتۆن، مادلین ئالبرایت (وەزیری دەرەوەی ئەمریکا)، جەلال تاڵەبانی (سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و مەسعود بارزانی (سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان) لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ١٩ی ئەیلوولی ١٩٩٨ کۆبوونەوە. تیایدا مادلین ئالبرایت ئاماژەی بە گرنگی رێکەوتنامەکە کرد کە دەتوانێت دەرفەتێکی سیاسی گەورە بۆ کوردەکان درووستبکات بۆ ئەوەی کوردەکان بتوانن سوود لە ووزەی خۆیان وەربگرن بۆ خزمەتگەیاندن بە دۆزی گەلەکەیان لەبری بەفیرۆدانی ووزە و خوێنی خۆیان. هەروەها رایگەیاند ئەوان هیچ ڕێگاچارەیەک لەسەر مێز لانابەن. ئەگەر عێراق هەوڵبدات هەموو ڕێگاچارەکان رەتبکاتەوە وەڵامی ئەمریکا بەهێز و یەکلاییکەرەوە دەبێت.

دواتر مسعود بارزانی ئاماژەی بە گرنگی رێکەوتننامەکە و نیازپاکی و ئامادەیی خۆی دەربری بۆ جێبەجێکردنی تەواوی ئەو خالانەی کە لەسەری رێکەوتوون. هەروەها جەختی کردەوە لەسەر بەرژەوەندیەکانی یەکێتی عێراق و رایگەیاند ئەوەی کە ئەوان کردوویانە، دژی بەرژەوەندییەکانی هیچ وڵاتێک نیە لە ناوچەکەدا، بەڵکوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانە.

دواتر جەلال تاڵەبانی ئاماژەی بە بایەخی رێکەوتننامەکە کردو بە رۆژێکی مێژوویی لەقەلەمیدا، هەروەها دانی بەو راستیە دانا کە گەر هاتبا و ئەمریکیەکان دەسپێشخەریان نەکردبا بۆ ئاشتکردنەوەی لایەنە کوردیەکان، ئەوا ئەستەم بوو رۆژێکی ئاوا ببینرێ کە تیایدا جەنگی ناوەخۆی کورد بەکۆتابێت. هەروەها دڵنیایی دا بە هەموان کە ئەوان هێزێکی جیاخواز نین، بەلکو ئەوان بەهێزبوونی یەکێتی نەتەوەیی عێراقیان دەوێت، ئەوان هەڕەشە نین بۆ هیچ وڵاتێک لە ناوچەکە. بە پێچەوانەوە ئامانجیان

ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکەیە و دەیانەوێت پەیوەندی باشتریان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبێت (Meho,2004:617-621). بە گشتی هەردوو سەرکردە کوردەکە لە لێدوانەکانیاندا ئاماژەیان بە لاوازی سەرکردایەتی کورد کرد لە بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشە ناوەخۆییەکانیان، هەروەها ئەوەیان دەرخست کە ئەوان ناتوانن بەبێ هاوکاریکردن و پشتیوانیکردنی ئەمریکا بەرامبەر بە نەیارەکانیان لەناو عیراق و دەرەوەی عیراقیش بوەستنەوە و بتوانن سەرکەوتوو بن. تەنانەت ئەوان ناتوانن بە شێوەیەکی تەندرووست هەرێمە ئۆتۆنۆمیەکەشیان بەرێوەببەن. لەلایەکی ترەوە رێکەوتننامەکە دەستکەوتێکی سیاسی گەورە بوو بۆ دۆزی کورد لەسەر ئاستی نێودەولەتی، ئەمریکا بەم کارەی زیاتر دۆزی کوردی ناساند و ئەکتەرە کوردیە سیاسیەکانیشی ئاراستەکرد تاوەکو بەیەکەوە کاربکەن و بەیەکەوە هێزی نەتەویی خۆیان بونیادبنێنەوە و هەنگاوی سیاسی و ستراتیژی کاراتر بۆ داهاتووی دۆزەکەیان بەرجەستەبکەن. ئەمریکا بە سەرکردایەتی کوردی راگەیاند کە سەرچاوەی هێزی دۆزەکەتان لە یەکگرتوویی سیاسی و کۆمەلایەتی خۆتاندایە و دووبەرەکی و جەنگی ناوەخۆیی جگە لە زیان هیچ قازانجێکی بۆ دۆزی گەلەکەتان نییە. بۆ ئەوەی بتوانن داهاتوویەکی باشترتان هەبێت پێویستە جەخت لەسەر برایەتی و پێکەوە کارکردنتان بکەنەوە و دەست بە رێکەوتننامەی ئاشتی واشنتۆنەوە بگرن. تا ئەوکاتەش لە خولگەی ئەمریکادا کاربکەن، ئەمریکا پارێزگاری لە مانەوەتان دەکات لە ناوچەکەدا.

### 3-2. سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد لەدوای بەستنی رێکەوتننامەکە و کاریگەری رێکەوتننامەکە بەسەر کوردستان لەرووی سیاسی و کۆمەلایەتیەوە

رێکەوتننامەکە کاریگەریەکی راستەوخۆی بەسەر وەستان و کۆتاییهاتنی جەنگ بەرجەستەکرد لە هەرێمی کوردستاندا، بەجۆرێک دوای بەستنی رێکەوتننامەکە بەتەواوی جەنگ و روبەروبوونەوەی سەربازی کۆتایی پێهات لەنێوان پارتە کوردیە فەرمانرەواکان لە هەرێمەکەدا. لەرووی سیاسیەوە کوردستان دابەش بوو بەسەر دوو زۆنی فەرمانرەوایی سەرەکی کە ئەوانیش زۆنی زەرد بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و زۆنی سەوز بە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوردستان. هەروەها لەرووی کۆمەلایەتیشەوە بوو بە هۆکاری دووبارە ئاسایی بوونەوەی ژیان بۆ زۆرینەی خەلکی باشووری کوردستان.

جێگای باسە، وەزارەتی دەرەوە لە سەردەمی سەرۆکایەتیی سەرۆک کلینتۆندا رێکەوتننامەی واشنتۆنی گەلالەکرد و شەری نێوان پ.د.ک و ی.ن.ک ی راگرت و سەرۆکایەتی ئەمریکا دەیویست یارمەتیی دانیشتووانی باکور بدات تا بارەکەیان جێگیر بکەن لەبەرئەوەی شایانن و بۆ ئەوەش تا نەهێلن نە بەغدا و نە تاران خۆیان لەو ململانێیە وەربدەن و هەژموونی خۆیان زیادبکەن و هەرەشە لە هاولاتییانی عیراق لەم هەرێمە بکەن (Gunter,1999 : 100) خالێکی گرینگی وەرچەرخان لە پەیوەندیەکانی نێوان کورد و ئەمریکا بریتیبوو لەو هەولە ناوبژیکارییەی ئەمریکا، کە رەنگدانەوەی سیاسەتەکەی بوو بەرامبەر بە کورد، کە لە تەمووزی ١٩٩٨ بە دواوە گەیشتە ئەوپەڕی. ئەمریکا نیگەران بوو بەرامبەر پەیوەندیەکانی نێوان بەغداد و کورد لە ئاستی سەرکردایەتی بەتایبەتی لەدوای رووداوەکانی سالی ١٩٩٦ و هیوای دەخواست پووچەلی بکاتەوە. سەرەرای ئەوەش، ئەمریکا لەوەش نیگەران بوو کە رەنگە دایەلۆگی ناوەخۆی کورد بە شێوەیەکی سەربەخۆ دوور لە دەستڕۆینی ئەمریکا گەشەبسێنێ.

ئەو ناوبژیوانیەی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆك کلینتۆندا لە کێشەی کورد کردی و دیپلۆماسی و ئازادی ئابووری و ئاشتی بۆ توندترکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەل ئیسرائیل و عەرەبستانی سعوودی و تورکیادا کارێکی بێ هاوتا بوو و بە راشکاویش پشتیوانیی لە دۆزی کوردی عیراقی کرد (Whitely, 2004 : 174) . لەراستیدا سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە جەنگە ناوەخۆییەکە سیاسەتێکی پێکهێنەرانەی ئەرێنی بوو، ئامانجیشی کۆکردنەوەی کوردان بوو لەو قەوارە سیاسەی کە بۆیان دروستکرابوو، لەهەمان کاتدا ئامانجی ئەمریکا بوو کە قەوارەیەکی سیاسی خاوەن هێزی سەربازی لە عیراق لەژێر ئاراستەکاری و جێبەجێکردنی ئەجێندا سیاسیەکانی ئەمریکا بوونیان هەبێت و لەرێگەی ئەوانەوە نفووزی سیاسی خۆی زیاتر گەرەنتی بکات لە دژی رژێمی عیراق.

جێگای باسە، سەرۆکی ئەمریکا لە یەکەم ڕاپۆرتی خۆی بۆ کۆنگرێس پاش ڕێکەوتنامەی واشنتۆن لە ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨ ئاماژەی بەوەکرد نزیکبوونەوەی سەرکردە کوردەکان لەیەکتری جێگای ئومێد و خۆشحالی ئەمریکایە. هەروەها رایگەیاند دەستکەوتە سیاسیەکانی ڕێبەرانی کوردی عێراق

نیشانەی دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ و هیوا بەخشە بۆ هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان. هەروەها دلنیایی دا کە ئەوان بەردەوام کاردەکەن لەسەر بەرنامەی بەهێزکردنی ئۆپۆزسیۆنی عێراق (Rogg, 2007: 65). ئەمریکا بە شێوازی فەرمی لە یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی عێراق پشتیوانی دەکات و لە هەمان کاتدا لە مافی خۆشبژێوی کوردەکانی عێراق لە ناوخۆی عێراق پشتیوانی دەکات و ئەم دوو هەڵوێستە پێکەوە ناتەبا نین. تاڵەبانی و بارزانی لە بەیاننامە هاوبەشەکەیاندا بە روونی جەختیان لەسەر ئەم پرەنسیپانە کردوەتەوە. ئەمریکا بەرپرسیارە لە بەرامبەر ئەوەی یارمەتی نێونەتەوەیی بەردەوام بگاتە هەرێمی کوردستان و مافی مرۆڤی کوردەکان و گروپە کەمینەکانی هەرێمی کوردستان وەک تورکمانەکان، ئاشووریەکان و ئێزیدیەکان و گروپەکانی دیکە ڕێزی لێبگیردرێت و هەرێمی دژە فڕین لە ڕێگای "شاڵاوی چاودێری باکوور" بپارێزرێت. ئەمەش کاریگەری ئەرێنی بەسەر لایەنی سیاسی و کۆمەلایەتی خەلکی کوردستان هەبوو، خەلکی کوردستان زیاتر مافەکانیان پارێزراوتر بوو هەروەها لەرووی ئاسایشی ناوخۆیی و کۆمەلایەتی و سیاسیەوە ئاسۆیەکی تازەی بۆ زۆرینەی کوردەکان درووستکرد.

جێگای باسە سەرۆکی ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکدا بۆ کۆنگرێس لە ٣ی دێسێمبەری ١٩٩٨ دەربارەی رەوتی ئاشتی لە کوردستانی عێراق نیگەرانی خۆی سەبارەت بە ئارامی و ئاسایش و ژیانی ئابووری کوردەکان و شیعەکان و سوننەکانی عێراق دەربری کە کەوتوونەتە بەر هێرشەکانی ڕژێمی عێراق. هەروەها رایگەیاند ئەوان سوورن لەسەر جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی ئەیلوول و تەواوی بابەتە سەرەکیەکان وەک دابەشکردنی داهات و داخستنی بنکەکانی پ.ک.ک (Meho,2004:599-600). لەراستیدا ئەمریکا خۆی ئەو راستیەی دەزانی کە درووستکردنی حکومەتێکی کارای باوەردار و جێبەجێکار بۆ هزری پلورالیزم (هەمەرەنگ) لەژێر دەسەلاتی دیکتاتۆریەتدا جگە لە خەونێک زیاتر شتێکی تر نییە، هەربۆیە ئەمریکا لەو مەودایەدا زیاتر گرنگی بە ئۆپۆزسیۆن دەدا و هەولی بەهێزکردنی دەدان بۆ ئەوەی دواتر سوودیان لێوەربگرێ لە کاتی پەلاماردانی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر رژێم. چونکە ئەمریکا دلنیابوو کە تاکە چارەسەر بۆ ئەو بابەتە تەنیا رامالینی رژێمەکە بوو لەرێگەی پەلاماری سەربازیەوە. بەلام لەهەمان کاتدا ئەم هزرە (پلورالیزم) کاریگەری ئەرێنی هەبوو بەسەر لایەنی سیاسی و کۆمەلایەتی خەلکی کوردستان بەهۆی ئەوەی زامنی مافی تاکەکەسی دەکرد لە تەواوی سێکتەرە سیاسی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەلایەتیەکان و جەختی لەسەر پاراستنی مافەکانی تاک دەکردەوە بەبێ جیاوازی دونیابینی سیاسی و ئاینی و مەزهەبی .

ڕێکەوتننامەکە بوو بە هۆکاری ئەوەی سەرکردایەتی کورد دەرفەتیک وەربگرێت بۆ ئەوەی هەلەکانی خۆی راستبکاتەوە و لەم سۆنگەیەشەوە توانی ببێت بە هۆکاری پەرەسەندنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و بەرجەستەبوونی ئاشتی و گەرانەوەی ژیانی ئاسایی بۆ زۆرینەی خەلکی کورد لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها لەرووی نێودەولەتیەوە زیاتر کوردەکانی نزیک کردەوە لە بازنەی سیاسی ئەمریکا (گوندیی، ٢٠٢٢). لەم سۆنگەیەوە رێکەوتننامەکە کاریگەریەکی ئەرێنی بەسەر سیاسەتی نێودەولەتی هەبوو بەتایبەتی بۆ پاراستن و فراوانکردنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا بە شێوەیەکی گشتی. لەهەمان کاتدا کاریگەریەکی گەورەشی بەسەر سیاسەتی ناوەخۆیی و ژیانی کۆمەلایەتی خەلکی کوردستان هەبوو بەهۆی ئەوەی بوو بە هەوێنی بەرجەستەبوونی ئاشتی و راستەوخۆ دوای بەستنی رێکەوتننامەکە ژیان دەستی بە ئاسایی بوونەوە کرد لە هەرێمی کوردستاندا.

به گشتی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە دۆزی کورد لە مەودای دیاریکراودا خۆی لە بەرجەستەکردنی ئاشتی و فەراهەمکردنی دەرفەتێکی تازەی سیاسی و زەمینەیەکی لەبارتری سیاسی دەبینیەوە بۆ دۆزی کورد لە باشووری کوردستاندا. لەکۆتاییدا رێکەوتننامەی واشنتۆن رێکەوتننامەیەکی سیاسی بوو بۆ یەکخستنەوەی سەرکردایەتی کوردی باشوور، کە توانی سەرکەوتوانە کۆتایی بە جەنگی ناوەخۆی کورد بێنێت لە هەرێمەکەدا. بەدەر لەوە هیچ پەیمانێکی ئەخلاقی و مرۆیی و کوردایەتی و نیشتیمانی لەوسا و تاوەکو ئەمرۆش بوونی نییە لەنێوان سەرکردایەتی کوردی باشوور، بەلکو ئەوەی هەیە زیاتر خۆی دەبینێتەوە لە پاوانخوازی و زالکردنی هەژموونی زۆنگەرایی سەوز و زەرد بەرامبەر بە یەکتری، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیە لە دروستنەبوونی کوردستانێکی یەکگرتوو لەرووی سیاسی و سەربازی و کۆمەلایەتیەوە. قوربانی ئەم ململانێ ناوەخۆییانەش میللەتی کورد و دۆزی کوردە لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانیی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4. دەرئەنجام:

١- ئەمریکا لە بەرجەستەکردنی سیاسەتی خۆیدا هەندێک جار بەرگریکارە هەندێک جاریش هێرشبەرە، ئەم جوولە سیاسیانەش لەژێر کاریگەری تیۆری نیولیبرالیزم بەرجەستەدەکات.

٢- ئەمریکا لە سیاسەتی دەرەوەیدا تا ئەوکاتەی کە جەنگ و کێشە ناوخۆییەکان نەبن بە هۆکاری کەوتنە مەترسیی ئاسایشی ناوچەیی و جیهانی، هەروەها ڕووداوەکان نەبن بە هۆکارێك بۆ پەرەسەندنی تیرۆر و مەترسیی بڵاوبوونەوەی چەك لە ئارادا نەبێت و دواجار ئەگەری دروستبوونی ڕژێمێکی دژە ئەمریکی و گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لە قازانجی وڵاتێکی دژە ئەمریکیی وەکو ڕووسیا و ئیران درووستنەبێت، ئەوە بە گشتی هەوڵ نادات کە دەستوەردان لە کێشە ناوخۆییەکاندا بکات.

٣-سەرۆک کلینتۆن زیاتر لە سەرۆکەکانی تری ئەمریکا جەختی لەسەر ئاسایشی هەرێمی دەکردەوە، بە تایبەتی بۆ ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست لەڕێگەی ئەنجامدانی کۆمەلێک ڕێکەوتننامەی نێودەولەتی لە نێوان ئیسرائیل و ولاتانی عەرەبی، هەروەها بەستنی ڕێکەوتننامەی ئاشتی واشنتۆن بۆ زامنکردنی ئاشتەوایی سیاسی لەنێوان سەرکردایەتی کوردی لە باشووری کوردستاندا.

٤-ستراتیژیەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا دەگۆڕدرێن بەهۆی گۆڕانکاری لە هاوکێشە نێودەولەتییەکان و گۆڕینی ئیدارەکانی ئەمریکا، کە هەر ئیدارەیەک خوێندنەوەی خۆی هەیە بۆ هەڕەشە و مەترسییەکان.

٥-دوابەدوای بەستنی ڕێکەوتننامەکە، هەرێمی کوردستان لەرووی سیاسیەوە زیاتر سەقامگیری بەخۆیەوە بینی و بوو بە هۆکاری ئەوەی هەردوو پارتە سەرەکیە کوردیەکە زیاتر نزیکببنەوە لەیەکتری و دەرفەتی سیاسی گەورە وەربگرن بۆ ئەوەی کاربکەن لەسەر سەرخستن و بەرەوپێشبردنی بارودۆخی سیاسی و بەرجەستەکردنی زیاتری سەقامگیری سیاسی لە هەرێمەکەدا.

٦-بەردەوامبوونی جەنگی ناوخۆی کورد لە بەرژەوەندی ئەمریکا نەبوو لەوکاتەدا، بەهۆی ئەوەی لاوازبوونی کوردستان لەوکاتەدا ڕێگەی بۆ پاوانخوازی و هەژموونی سیاسی و سەربازی ئێران و تورکیا دەکرد لەلایەک و رژێمی بەعسیش لەلایەکی ترەوە. ئەمەش زیانی گەورەی بە هەژموونی سیاسی ئەمریکا دەگەیاند لە ناوچەکەدا.

٧-ڕێکەوتننامەکە لەرووی ناوەخۆییەوە خزمەتی بە بوژانەوەی لایەنی ئابووری و کۆمەلایەتی خەلک کرد و وایکرد کە خەلکی بتوانن بگەرێنەوە سەر کار و ژیانی ئاسایی خۆیان کە پێشتر بەهۆی جەنگەوە تووشی بێکاری و هەژاری و بێ لانەیی ببوون.

٨ -شەری ناوەخۆی پارتە کوردیەکان زیانی گەورەیان لە دۆزی کورد داوە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، بەجۆرێک هەزاران رۆلەی کورد بوون بە قوربانی ئەم جەنگە ناوەخۆییە.

٩-سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەوەندەی لە بیری پاوانخوازی و پاراستن و فراوانکردنی قەلەمرەوی خۆیان بوون، ئەوەندە لە بیری سەرخستن و بە سەنتەر گەیاندنی دۆزی کورد نەبوون.

١٠-رێکەوتننامەی ئاشتی واشنتۆن کۆتایی بە جەنگی ناوەخۆی لایەنە کوردیەکان هێنا و دەروازەیەکی تازەی بۆ سەرکردایەتی کوردی کردەوە بۆ ئەوەی بەردەوامی بە خەباتی سیاسی بدەن بە فۆرم و بیرکردنەوە و زەمینەیەکی تازە و جیاواز.

**سەرچاوەکان:**

١ -پەرتوکەکان بە زمانی ئینگلیزی

1- Bengio Ofra (2012): The kurds of Iraq, building a state within a state, Simon & Schuster. New York. NY.

2- Charountaki Marianna (2010): The Kurds and U.S. foreign policy, London.

3- Cordesman H. Anthony (1994): Iran and Iraq, The threat from the northern gulf, Simon & Schuster. New York. NY.

4- Collier Paul (2003): Breaking the conflict trap, Civil war and development policy, Oxford.

5- Chandrasekaran Rajiv (2007): Imperial life in the Emerald city, Simon & Schuster. New York. NY.

6- Howard Michael (1994): War and nations in nationalism, Oxford.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7- Katzman Kenneth (2005): Iraq, U.S. efforts to change the regime, Simon & Schuster. New York. NY.

8- Lawrence Quil (2008): Invisible nation, how the Kurds quest for statehood in shaping Iraq and the Middle East, Simon & Schuster. New York. NY.

9- Makovsky Alan (1998): Kurdish agreement signals, new U.S. commitment policy watch, Simon & Schuster. New York. NY.

10- Meho I. Lokman (2004): The Kurdish question in the US foreign policy, Simon & Schuster. New York. NY.

11- Rogg Inga (2007): The kurds as parties and victims of conflicts in Iraq, London.

12- Stansfield V. Gareth (2003): Iraqi Kurdistan, Political development and emergent democracy, Simon & Schuster. New York. NY.

13- Tahiri Hussein (2007): The structure of Kurdish society and the struggle for a Kurdish state, Simon & Schuster. New York. NY.

14- Tilly Charles (1985): War making and state making as organized crime in bringing the state back in, Cambridge.

15- Whitley Andrew (2004): The Clinton administration and the Kurds, Simon & Schuster. New York. NY.

٢ -پەرتوکەکان بە زمانی کوردی:

١ -کۆچێرا کریس (٢٠٠٢): بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی. وەرگێرانی ئەکرەمی میهرداد. سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی.

٢- ئەمین موستەفا نەوشیروان (٢٠٠٩): ئێمە و ئەوان. دەزگای ووشە، سلێمانی.

٣-گۆڤارەکان :

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- Gunter M. Michael (1999): The foreign policy of the Iraqi Kurds', Journal of South Asian and Middle Eastern Studies, Vol. XX, No. 3. New York. NY.

2- Sorli E. Mirjam (2005): Why is there so much conflict in Middle East?. journal of conflict resolution. No.145. London.

**٤-دیدارەکان :**

١- د. ماریانا خارونتاکی ( پسپۆر لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە دۆزی کورد، مامۆستا لە زانکۆی لینکۆلن بەریتانیا)، رێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٥، هەولێر.

٢- لاهوور جەنگی تالەبانی ( سیاسەتمەدار و هاوسەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)، رێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١٤، سلێمانی.

٣- پ.د.کرمانج گوندی،( بیرمەند و چاودێری سیاسی و پرۆفیسۆر لە زانکۆی تێنیسی ئەمریکا). رێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١٠، ئەمریکا، دیداری راستەوخۆی ئەلیکترۆنی (Zoom meeting).

## The Washington Peace Agreement and the U.S. Policy towards Ending the Civil War in the Kurdistan Region (1998)

**Asst. Lect. Mabast Hazhar Hamad**
PhD candidate, Department of History, College of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
mabasthazhar64@gmail.com

**Prof. Dr. Sarwar Abdulrahman Omar**
Pay institute for Education and Development, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
Sarwary74@yahoo.com

***Keywords:*** *Washington peace agreement, U.S. Foreign Policy, Civil War, Middle East, Kurdistan, Kurdish People.*

## Abstract

In September 1998, Barzani and Talabani signed the U.S. mediated Washington peace agreement establishing a formal peace treaty. In the agreement, the parties agreed to share revenue, share power, deny the use of northern Iraq to the PKK, and not allow Iraqi troops into the Kurdish region. The United States pledged to use military force to protect the Kurds from possible aggression by Saddam Hussein.

This study focuses on the U.S. policy towards resolving and ending the Kurdish civil war in Iraqi Kurdistan, which lasted after four years and directed the Kurdish question in Iraq into uncertain and harmful direction. Thousands of Kurdish citizens became victims of these internal battles.

The agreement had a direct impact on the resolution of the military conflict between the two Kurdish parties, and became an important turning point in contemporary Kurdish history and gave the Kurdish leadership the opportunity to open a new chapter in dealing with each other. The agreement also led to a new policy in the region at the regional and international levels, in which the United States was able to prevent further political interference of the Ba'ath regime and neighboring countries in the affairs of the Kurdish autonomous region.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# اتفاقية واشنطن والسياسة الأمريكية تجاه إنهاء الحرب الأهلية في إقليم كوردستان (١٩٩٨)


## الملخص:

في سبتمبر ١٩٩٨، وافق البارزاني والطالباني علي اتفاقية واشنطن برئاسة الولايات المتحدة الأمريكية لإنشاء معاهدة السلام بين الحزبين الكرديين الأتحاد الوطني الكوردستاني و الحزب الديمقراطي الكوردستاني. في الاتفاقية، اتفق الطرفين على تقسيم الإيرادات و السلطة و حرمان حزب العمال الكردستاني من استخدام اراضي اقليم كوردستان، وعدم السماح للقوات العراقية بدخول المناطق الكردية. تعهدت الولايات المتحدة باستخدام القوة العسكرية لحماية الأكراد من اي مكروه من قبل نضام صدام حسين.

تركز هذه البحث على السياسة الأمريكية تجاه إنهاء الحرب الأهلية الكردية في كوردستان العراق التي استمرت لأربعة سنوات و وجهت القضية الكردية في الجنوب الي اتجاه غير مؤكد. كما ادي الحرب الأهلية بمقتل الاف من المواطنين الأكراد بسبب الصراعات الداخلية.

كان للاتفاق تأثير مباشر على انهاء الصراع العسكري بين الحزبين الكرديين. وأصبح نقطة تحول في التاريخ الكردي المعاصر و منح القيادة الكردية فرصة كبيرة لفتح فصل جديد في السياسة والتعامل مع بعضها البعض. كما أدى الاتفاق إلى انشاء سياسة جديدة في المنطقة على المستويين الإقليمي والدولي. تمكنت فيها الولايات المتحدة الأمريكية من منع المزيد من التدخل السياسي من قبل نظام البعث والدول المجاورة في شؤون منطقة الحكم الذاتي في اقليم كوردستان.